عەبدولواحید: تەنها مرۆڤە رەسەنەکان و سەرکردەکان دەتوانن چاکسازی بکەن



سەرەکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، شاسوار عەبدولواحید، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر نووسیویەتی، ”هەوڵدان بۆ لەتلەتکردن و لاوازکردنی هەرێم و دامەزراوەکانی هەرێم، هیچ ئازایەتی و شەهامەتی تیا نییە، هەموو کەس دەتوانێت شتگەلێک تێک بدات، بەڵام تەنها مرۆڤە رەسەنەکان و سەرکردەکان دەتوانن چاکسازی بکەن و وڵاتەکەیان پێشبخەن لە بری تێکدان و لەتکردن“.

شاسوار عەبدولواحید نوسیویەتیش، "خەونی ئەمە خۆشگوزەرانییە بۆ خەلک و گۆرانکارییە لە سیستەمی سیاسی و ئیداری هەرێم بەرەو دامەزراوەیی بەهێز، لەسەر خاکێکی سەقامگیر، نەک گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر، بۆیە دژی هەموو هەوڵێکی لەو جۆرە دەبین لە داهاتوودا".